


سارا نەدیم :

# بەشداری لە کێبڕکێی شاجوانی جیهانیدا دەکەم، بەڵام بەبێ پکینی

پێش هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان پێشبڕکێی شاجوانی کوردستان ئەنجام دەدرا و چەندین کچ لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەشدارییان تێدا دەکرد. سارا نەدیم کە تازە ٢١ ساڵی تەمەنی بەڕێ کردووە و لەسەرەتای تەمەندایە، بە شاجوانی هەولێر و هاوەڵی یەکەم شاجوانی عێراق هەڵبژێردراوە، ئەو لەم دیمانەیەدا باسی ئەوە دەکات کە خەون و خولیای مەزنی بەشداریکردنە لە کێبڕکێی نازناوی شاجوانی عەرەب و جیهان و بە دەستهێنانی نازناوەکە و وەڵامی چەند پرسیارێکی دیکەی تایبەت بۆ خۆیشی دەداتەوە.



*** لە کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە ڕێوڕەسمی کێبڕکێی شاجوان نەکراوە، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم کێبڕکێیە بەردەوام بێت؟**

- زۆر گرنگە مەراسیمی شاجوانی کوردستان بەڕێوەبچێت، چونکە چەند ساڵێکە بەڕێوەنەچووەو ڕەنگە خەڵکی زۆر هەبێت خۆی بۆ شاجوان بەربژێر بکات و خەونی دەیان کچ بێت.

*** بۆچی خۆت بۆ شاجوانی عێراق بەربژێر کرد؟**

- بەڕاستی خۆکاندیدکردنی من بۆ شاجوانی عێراق بەشێوەیەکی کتوپڕ بوو، واتە خۆم بۆ ئامادە نەکردبوو، بەڵام گوتیان بۆ خۆت بۆ شاجوانی عێراق بەربژێر ناکەی، منیش ڕازی بووم و چوومە بەغدا لە هوتێل نۆبل مەڕاسیمەکە بەڕێوەچوو، توانیم ببمە هاوەڵی شاجوانی عێراق، هەڵبەتە من گرنگی بە شاجوانیی کوردستان دەدەم و هاوکاری هەر کەسێك دەکەم، کە ئەگەر حەز بکات خۆی هەڵبژێرێت.

*** دوای بەدەستهێنانی نازناوی هاوەڵی شاجوان هیچ کاری خێرخوازیت ئەنجامداوە؟**

- هەڵبەتە ئامانجی سەرەکیی من بۆ بەشداریکردن لە مەڕاسیمی شاجوانی عێراق کاری خێرخوازی بووە، دوای ئەوەی بەهاوڵی شاجوانی عێراق دەستنیشان کرام، چەندین کاری خێرخوازیم لە کوردستان و عێراق ئەنجامداوە، کاری خێرخوازیم بۆ منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە هەبووە، هەروەها کاری خێرخوازیم بۆ بەشێك لە کۆچبەران و ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە و ئێستاش لەم کارانە بەردەوامم، بەڵام دوای ئەوەی کێشە لەسەر شاجوانی عێراق دروست بوو، هەموو کارەکانی شاجوان و هاوڵەکانی لە عێراق ڕاگیراوە.

*** بۆ پێشبڕکێی شاجوانی جیهان ڕات چییە؟**

- بێگومان بیرم لەوە کردووەتەوەو زۆر خۆشحاڵیش دەبم، بەشداری لە شاجوانی جیهانیدا بکەم، بەڵام ئێستا بەدوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی بەشداری لە شاجوانی جیهانیدا بکەم، خۆی گەلێك مەڕاسیمی شاجوان هەیە، وەکو شاجوانی عەرەب، شاجوانی گەردوون، من بەنیازم خۆم بۆ یەکێك لەو شاجوانانە کاندید بکەم، بەڵام گرنگە پاڵپشتی و هاوکاریم هەبێت، تاوەکو بتوانم بەشداری لەم مەڕاسیمانەدا بکەم.

*** هەندێ ڕێنمایی تایبەت هەیە لە کێبڕکێی شاجوانی جیهان، ئایا بەوانە ڕازی دەبیت؟**

- بەداخەوە لە شاجوانی گەردوون مەرجێك هەیە، کە دەبێت جلی سەردەریا لەبەر بکەی، منیش لەبەر ئەوەی نە لە کوردستان، نە لە عێراق دابونەریت ڕێگا نادات، ئەم کارە بکەم، بۆیە ناتوانم جلی سەردەریا لەبەر بکەم، بەڵام بۆ شاجوانی عەرەب ڕەنگە ئەو مەرجە نەبێت، لەبەر ئەوە ئێستا هەوڵدەدەم لە شاجوانی عەرەب بەشداری بکەم.

*** نازناوی شاجوانی هەولێرت چۆن بەدەستهێنا؟**

- هەڵبەتە ڕێکخراوی شاجوانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی شاجوانی عێراق داوایان لە کچان کرد، ناوی خۆیان لە شارەکانی خۆیان بنووسن، لە شاری هەولێر ٣٠ کچ ناوی خۆیان تۆمار کردبوو، بەڵام دواتر لیژنەی دادوەری منیان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی وەك نوێنەری هەولێر بەشداری لە مەراسیمەکەدا بکەم.

*** ئەو مەرجانە بۆ دەستنیشانکردنی شاجوان لە هەولێر چی بوون؟**

- سەرەتا ئەو کەسەی خۆی کاندید دەکات دەبوایە هاوسەرگیری نەکردبێت، هەروەها لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی باشدابێت، جگە لە بنەمای جوانی و بەژن و باڵا و زمانزانی و بڕوانامە، منیش ئەو مەرجانەم تێدابوو.

*** زۆر جار بەشێك لە خەڵکی بیانی بەناوی جۆراوجۆر شاجوان دەهێندرێتە هەرێمی کوردستان، لەمبارییەوە ڕات چییە؟**

- من دژی ئەوەم خەڵکی بەناوی شاجوان لە دەرەوەی کوردستان بهێنن و لە کوردستان کاری نمایشکاری و کاری بازرگانی پێ بکەن، چونکە ئەوانە بەشێکی زۆریان نەشتەرگەری جوانکارییان کردووەو لەڕووی ئەکادیمی و زمان و ڕۆشنبیرییەوە لەو ئاستەدا نین، هاوکات فەرمییش نین.

*** شاجوانی عێراق دەڵێت لەلایەن توندڕەوەکانەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، ئایا هەڕەشە لە تۆ نەکراوە؟**

- نەخێر، تاوەکو ئێستا من لەلایەن هیچ کەسێکەوە هەڕەشەم لێنەکراوە و بە ئازادی هەموو کارەکانی خۆم دەکەم، بەردەوامیش دەبم لەسەر کارە خێرخوازییەکانم.

*** یەکێك بووی لە ئامادەبووانی هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان، ئەم چالاکییە چۆن دەبینی؟**

- دەستخۆشی لە سەرپەرشتیاران و دیزاینەران و نمایشکارەکانی هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان دەکەم، کە بە ڕاستی کارێکی جوانیان پێشکەشکرد، بەتایبەتی دیزاینەرەکان توانییان سەرنجی هەموو ئامادەبووان بۆ خۆیان ڕابکێشن، بە ڕاستی ئەم جۆرە ئیڤێنتانە بۆ کوردستان زۆر گرنگە، خەڵك زیاتر حەز لەم جۆرە کارانە دەکەن، نمایشکارەکانیش زۆر جوان و ڕێکوپێك بوون.

*** لە سۆشیال میدیا کێشەت بۆ دروست نەکراوە؟**

- تا ئێستا نەخێر، تەنیا هەندی کۆمێنتی ناشیرین دەنووسن، بەڵام ئەوانە هەرگیز کاریگەری لەسەر من نەکردووە و ناشبێت، جونکە ئامانجەکانی من دیارەو دەمەوێت تەنیا کاری خێرخوازی بکەم و دڵی هەژارو منداڵان خۆش بکەم

# مادۆنا بە هەموو شێوەیەک شەڕی پیری دەکات



خانمە گۆرانیبێژ و شاژنی پۆپی جیهانی مادۆنا رایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەك گرنگی بە لەشی خۆی دەدات و وێنەیەکی خۆی بڵاو کردەوە کە ئامێرێکی سەیری لە دەستدا بوو، سەرەتا هەوادارانی وایانزانی کە ئەمە یەکێك لە یارییە سێکسییەکانە و بەوە تۆمەتباریان کرد کە ریکلامی بۆ دەکات.

دواتر مادۆنا ئاشکرای کرد کە وەك پێشتر رایگەیاند بوو هەموو رێگایەك دەگرێتە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیری و ئەم ئامێرەش یەکێکە لەو رێگایانە کە نیشانەکانی پیریی لەسەر روخسار ناهێڵێت، ئەم ئامێرەی مادۆنا بە کاری هێناوە لە کاربۆن دروستکراوە و نرخەکەی تەنیا ٢٠٠ دۆلارە و بە نوێترین بەرهەمەکانی مارکەی ناسراوی جیهانی MDNA SKIN کە بەم دواییە مادۆنا بڵاوی کردۆتەوە.

مادۆنا ئەمساڵ لە وڵاتی مەغریب ئاهەنگێکی گەورەی بە بۆنەی رۆژی لەدایکبوونی لە یەکێك لە کۆشکە گەورەکانی ئەو وڵاتە سازکرد، هەر بەم بۆنەیە کراسێکی نوێ پۆشیبوو لە مارکەی "Gucci" کە نرخەکەی گەیشتە ٥٣٠٠ جونەیهی ئیسترلینی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئکیسسواراتی گرانبەها

لەلایەکی دیکەوە مادۆنای تەمەن ٦٠ ساڵ رایگەیاند بڕیار وایە لە ساڵی داهاتوو نوێترین ئەلبوومی خۆی بڵاو بکاتەوە کە ئەلبوومی ژمارە (١٤) یە لە کاروانی هونەری خۆیدا کە ٣٧ ساڵە، شایەنی باسە یەکەم ئەلبوومی مادۆنا لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکرایەوە و دوایین ئەلبوومیشی ساڵی ٢٠١٣ بوو بە ناوی Rebel Heart.

# ئۆپێرا ستایشی جەستەی خۆی دەکات



لە میانەی دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا خانمە راگەیاندکاری ناسراوی جیهانی ئۆپێرا وینڤری نهێنییەکی دەربارەی ژیانی خۆی بەتایبەتی تەندروستی خۆی لە ماوەی رابردوودا ئەمەش تا رادەیەك بۆ جەماوەرەکەی مایە شۆك بوو، چونکە پێشتر هیچ کاتێك باسی ئەوەی نەکردبوو کە تووشی نەخۆشییەك ببێت.

ئۆپێرا لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری (O) دا گوتی: من پێشتر تووشی نەخۆشییەك ببووم لە ملم کە تا رادەیەك تووشی دڵەڕاوکێی کردبووم ئەویش بریتی بووە لە ئاوسانی لیمفە رژێنەکانی مل، ئەمەش ناخۆش بوو لە رووی دەروونییەوە، بەڵام وەك نهێنی هێشتمەوە و باسم نەکردووە.

دەربارەی چۆنیەتی ئاشکرابوونی نەخۆشییەکەی ئەم راگەیاندکارە جیهانییە ئاماژەی بەوە کرد کە لەکاتی ئامادەکردنی چێشت هەستی بە نەخۆشییەك کردووە.و لەو بوارەوە دەڵێ: لەو کاتەی کە ژەمێکی خۆراکم ئامادە کرد، هەستم کرد هەوکردن لە ملمدا پەیدا بووە، ئەمەش تووشی دڵەڕاوکێی کردم، لەوێش چوار کاتژمێر چاوەڕێی پزیشکم کردو ئازارەکانیشم زیاتر بوون، دوای ئەنجامدانی پشکنینی پێویست، پزیشکەکەم ئامۆژگاریی کردم کە پێویستە زۆرترین بڕی ئاو و شەربەتی لیمۆ بخۆم و پابەند بم بە گشت رێنماییەکانی بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا ملم بگەڕێتەوە باری سرووشتی و لەو ئازارە رزگارم بێت.

وێنڤری هەر دەربارەی نەخۆشییەکەی و نیعمەتی تەندروستی دەڵێ: وەك دەڵێن مرۆڤ تا نەخۆش نەکەوێت، قەدری تەندروستیی خۆی نازانێت، چونکە بەر لەم رووداوە وەك پێویستە گرنگیم بە تەندروستی خۆم نەدەدا و بیرم لە نەخۆشیش نەدەکردەوە، ئەم ئەزموونە شتێکی زۆر گرنگی فێر کردم ئەویش ئەوەیە کە ستایشی جەستەی خۆم بکەم بۆ کارکردنی بەبێ گرفت و رزگارکردنمان لە نەخۆشی و بەکتیریا و رێکخستنی ئەنزیم و رێژەی خوێن و چەندین کرداری دیکە کە بە باشترین شێوە ئەنجامیان دەدات.



# سەروەتی شارۆخان لە هەمووان زیاترە

جیا لەوەی یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی بۆڵیۆد و خاوەن زۆرترین جەماوەرە لەسەر ئاستی هیندستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت ناوبانگەکەی گەیشتۆتە هۆڵیۆدیش، بەم زووانە شارۆخانی ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیۆد ناوی چووە لیستی دەوڵەمەندترین ئەستێرەکانی سینەما لەسەر ئاستی جیهان و لە پێش ژمارەیەکی زۆری ئەستێرە ناسراوەکانی جیهان هات.

لە نوێترین راپۆرتدا کە ماڵپەڕی پەرەسەندنی جیهانی و گەشەپێدانی خودی (Wealthy Gorilla) بڵاوی کردۆتەوە شارۆخان کە زۆر بە (پاشای بۆڵیۆد) دەناسێنرێ بەو هەشتا فیلمەی بەشداریی تێدا کردووەو ناوبانگێکی زۆری پێ پەیداکردووە، بە دەوڵەمەندترین کەسایەتیی جیهان دەستنیشان کردووە، بەپێی ماڵپەڕی ناوبراو سەروەتی گشتی شارۆخانی لە ساڵی ٢٠١٨ بە زیاتر لە (٧٥٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی خەمڵاندووە، جگە لە شارۆخان لە ئەکتەرەکانی هیندستان تەنیا ناوی ئەمیتاب باتشانی ئەستێرەی ناوداری بۆڵیۆد لەو لیستەدا لە پلەی چوارەم هاتووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە براد بێت کە چەند ساڵە ناوی لە پێش شارۆخان دەهات، ئەمساڵ کەوتۆتە دوای شارۆخان، ئەمەش لیستی ناوی یەکەمەکانە: شارۆخان، تۆم کروز، جۆرج کلۆنی، ئەمیتاب باتشان، میل گیبسۆن، جاك نیکلسۆن، سیلڤستر ستالۆن، جاکی شان، کلینت ئیستۆد، تۆم هانکس، مایکڵ دۆگلاس، ماری کیت، ئادەم ساندلر، میا وازیکۆسکا، ویل سمێس، رۆبێرت داونی جۆنیۆر، سکۆت سپیدمان، باجێت برۆستر، لیۆناردۆ دیکاپریۆ، براد بێت.

# ئامادەکارییەکانی خولی چوارەمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمای دژ بە تیرۆر بەردەوامن

**خولەکە بە ناوی شەهیدی سەرکردە شەوکەت شێخ یەزدین دەبێت**






ئامادەکارییەکان بەردەوامن بۆ سازکردنی چوارەمین خولی ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمای دژ بە تیرۆر، کە خولی ئەم جارەیان تا رادەیەکی زۆر جیاوازە و بە خولی شەهیدی سەرکردە شەوکەت شێخ یەزدین ناسراوە.

ئەم فێستیڤاڵە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەوەی تاکە ڤێستیڤاڵێکی هونەریی سینەماییە لە رێگای هونەری سینەماوە دژایەتی هزری تیرۆر دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە، جگە لەمە تاکە فێستیڤالی تایبەتمەندی بوارەکەیە لە کوردستان و عێراق و تەواوی ناوچەکە و نێوبانگێکی باشی هەیە. تایبەتمەندی تری ڤیستێڤاڵەکە لەوەدایە ساڵانە لەکات و ساتی خۆی بەردەوامە و ساز دەکرێ و لە یەکی شوباتی هەموو ساڵێك لە هەولێر ساز دەکرێ. ئەو رۆژەی کە دەستی رەشی تیرۆر گەیشتە پۆلێك شۆڕشگێر و نیشتیمانپەروەری وڵات و شەهید کران. بۆیە فێستیڤاڵ وەك سومبولێك ئەو رۆژەی بۆ بەرەنگاری و دژایەتی هزری تیرۆر و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان لە کوردستان دەستنیشان کرد.

خولی چوارەمی ئەمساڵی فێسیڤاڵ جیاواز و بەرفراوان دەبێ و چەندین چالاکیی جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێ، لەوانە کردنەوەی دوو پیشانگای فۆتۆ یەکیان لەسەر قۆناغەکانی خەباتی شەهیدی سەرکردە شەوکەت شێخ یەزدین، دووەمیان لەسەر ئافرەتە قوربانییەکانی دەستی تیرۆر. جگە لە پیشاندانی فیلمی بەشداربووی ١٢ وڵات بە کوردستانەوە. لەگەڵ پیشاندانی فیلمێکی تایبەت لەسەر شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، کە جگە لەوەی شەهیدی دەستی رەشی تیرۆرە، لەهەمان کات یەکێك بووە لەو سەرکردە نیشتمانییانەی پشتگیری زۆری سینەمای کردووە لە کوردستان. جیا لەمە ئەمساڵ چەند پانێڵێك لەسەر سینەماو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر سازدەکرێ، لەگەڵ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبکی تایبەت بەم بواراوە.

لە فێستیڤاڵەکەشدا سەرۆك و بەڕێوەبەری ١٥ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما ئامادەو بەشدار دەبن. لەمبارەیەوەش خانەوادەی شەهیدی سەرکردە شەوکەت شێخ یەزدین خۆشحاڵیی خۆیان بۆ بەڕێوەچوونی ئەم فێستیڤاڵە دەربڕی و کوڕی شەهید، (غەریب شەوکەت) هیوای سەرکەوتنی گەورەی بۆ ڤیستیڤاڵەکە خواست و بە هەنگاوێکی پیرۆزی وەسفکرد. لە خولی ئەمساڵیشدا ٩خەڵات بەسەر فیلمە براوەکاندا دابەش دەکرێ، جگە لەمەش خەڵاتی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین بەچەند هونەرمەندێك دەبەخشرێ کە بە فیلم و هونەر و کامیراو پەیامەکانیان رووبەڕووی تیرۆر بوونەتەوە و بەرەنگاریی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیان کردووە.

هەر لە بارەی فێستیڤاڵەوە دامەزرێنەرو سەرۆکی فێستیڤاڵ پشتیوان عەبدوڵا لە لێدوانێکدا رایگەیاند: ساڵانە بە ئەرکێکی قورسەوە و بە توانایەکی زۆر کەم و بێ پشتگیری توانیومانە بە خۆبەخشی و بە هاوکاری کەرتی تایبەت فیستێڤاڵ ساز بکەین و رەچاوی بارودۆخی حکومەتمان کردووە. هیوادارین بۆ ئەم خولە سەرۆکی حکومەت رێزدار نێچیرڤان بارزانی روبعی ئەو پشتگیرییەمان بکات کە خۆشبەختانە پشتگیری فێستیڤالی سینەمای سلێمانی پێکردبوو، بۆ ئەوەی لە ئاست گەورەیی ناوی شەهیدی سەرکردە شەوکەت شێخ یەزدین بین.